# بزووتنەوەی جەماوەری خەڵك بۆ هەڵپێچانی جمهوری ئیسلامی ئێران ئەمرۆ لە گرفتی نەبوونی رابەری دەناڵێنێ، هۆکاری مانەوەی رژێم سەرەرای نارەزایی خەڵك ئەمەیەو لێرە دەبێ بۆی بگەرێی

روونکردنەوە: سەرەتای مانگی دوازدەی 2004 رۆژنامەی میدیا چەند پرسیاریکی لەریگای منەوە بۆ هاورێ فاتح شیخ نارد. هاورێ فاتح رۆژی 9-12-2004 وەلامەکانی ناردەوەو بریار بوو لە ژمارەی 15-12-2004 ی رۆژنامەکە دابنرێ. پاش 2 مانگ دەر دەکەوێ گرفتیك هەیەو خۆ دەبویرن. بە موافەقەی هاورێ فاتح ئەو وتوویژەم بۆ ئۆکتۆبەر نارد. / ئازاد ئەحمەد

**بەریز فاتح شیخ، تۆ وەك شەخسییەتیکی سیاسی کۆمۆنیست وچەپی ناسراو لە کوردستانی ئیرانو عیراقو وەك ئەوەی کە دوای رووخانی رژیمی شا لە ئیران یەکیك لە نوینەرانی خەلکی کوردستان بووی بۆ موفاوەزە لەگەل جمهوری ئیسلامی، سەرەتا پیمان خۆشە لە زمانی خۆتەوە کورتەیەك لەسەر ژیانی تایبەتی وخسوسی خۆتو کەمیکیش لە سەر ئەو نوینەرایەتیە قسەمان بۆ بکەی.**

فاتح شیخ: سالی 1942 لە ناوچەی مەریوانی سەر سنووری ئیرانو عیراق لە دایك بووم. یەکەمین سالەکانی منالیم بە دەربەدەری بەسەرچوو: چەند مانگیك دوای دابەزینی سوپای ئینگلیزو رووس لە ئیران لە شەری جیهانیی دووهەمدا لەبەر زالبوونەوەی نائەمنیو دەرەبەگایەتی بەسەر ناوچەکەدا، بە سینگی دایکمەوە، پەریوەی 'ئەودیو' بووینو لە پینجوین گیرساینەوە، چوار سالی پیچوو تا گەراینەوە. لە مەریوان سەرەتایی، لە سنە ناوەندیو لە تاران دانیشگام خویند. دواپلەی خویندنم ماستەری 'عولوومی ئیجتیماعی' (زانستە کۆمەلایەتیەکان) بوو. لە 1968ەوە لەگەل خۆشەویستی ژیانم شەهین پیکەوە ژیاوین. دوو منالمان پێ گەیاندوە کە ئیستا بە تەمەن سەروخواری 30نو سەربەخۆ دەژین.

تیکۆشانی سیاسیم لە 1958، لە ژیر کاریگەری بارودۆخی پاش چواردەی تەمووزی عیراقدا دەس پێ کرد. پایزی ئەو سالە لە شاری سنە گرووپیکی لاوانی مەکتەبم پیکهینا کە شیعاری ئازادیخوازانەو دژ بە رژێممان بە دیواری مەکتەبەکانو شەقامەکانەوە دەنووسی. بەو بۆنەوە، لەگەل چەند هاوریم گیراینو سێ مانگ لە زیندانی رژیمی شا ماینەوە. دواتریش تا رووخانی شا دوو جاری تر بە بۆنەی تیکۆشانی سیاسیەوە کەوتمە بەندیخانە. لە دامەزرینەرانی ریکخراویك بووم (1969) کە دواتر بە 'کۆمەلە' ناوبانگی دەرکرد. تیکۆشانی کۆمۆنیستی منو کۆمەلیك لە هاورییانم، کە زۆربەمان ئیستاش پیکەوەین، دەوریکی بەرچاوی بوو لە ریشە داکوتانو رەگاژۆ کردنی بیرو پراکتیکی کۆمۆنیستی لە کوردستانی ئیران لە دە دوازدە سال پیش رووخانی رژێمی شاوە. لە ورووژاندنو ریکخستنو رابەری کردنی کۆمەلانی خەلك لە شۆرشی 1979ی ئیراندا چالاکانە بەشدار بوومو لە یەکەم هەلبژاردنی دوای رووخانی پاشایەتیدا لە لایەن خەلکەوە بە نوینەر بۆ 'مەجلیسی شوورا' هەلبژیردرام. رژیمی ئیسلامی ئەو هەلبژاردنە ئازادەی کوردستانی هەلوەشاندەوە هەروەك دواتریش زۆریك لە دەسکەوتەکانی شۆرشی شەلالی خوین کرد. وەك چالاکی حیزبی لە 1979 بەدواوە، سەرەتا لە کۆمەلەو حیزبی کۆمۆنیستی ئیران پاشان لەگەل مەنسووری حیکمەت لە حیزبی کۆمۆنیستی کارگەری ئیراندا بوومو ئیستە لە حیزبی کۆمۆنیستی کارگەری – حیکمەتیست دام.

سەردەمی شۆرشی 1979، ئیمە چەپی رادیکالی ئەوکاتی کوردستانی ئیران لەگەل بەشی رادیکالو کۆمۆنیستی چەپی ئیران، بێ ئەملاولا بەرامبەر بە حکوومەتی ئیسلامی راوەستاینو هەموو بالەکانیمان بە کۆنەپەرستو دژبەشۆرشو تاوانبار هەلسەنگاند. بەرووی لەشکرکیشی رژیمدا بۆ کوردستان چەکدارانە وەستاینەوەو زەبری گەورەو گرانمان لی وەشاند بەجۆریك کە ئیستاش نەیتوانیوە لە کوردستان بە تەواوی دەسەلاتی خۆی داسەپینێ. سەرەتا موفاوەزەشمان لەگەل دەکرد، دوای تیکشکانی یەکەمین

هێرشی لە پایزی 1980 گشت لایەنە سیاسیەکان ڕێککەوتن لەسەر پێکهێنانی 'هەیئەتی نوینەرایەتی گەلی کورد' بۆ وتوویژ لەگەل ڕژیم، کە منیشی تێدا بووم. 'هەیئەتی نوینەرایەتی' پێکهاتبوو لە کۆمەلەو حیزبی دیموکراتی کوردستانو شێخ عزالدینی حسینیو ڕێکخراوی چریکی فیدایی. ئەو کاتە من لە لایەن کۆمەلەوە هاوکاری شیخ عزالدینی حسینیم دەکرد لە کاروباری'هەیئەتی نوینەرایەتی'دا. بە ئاشکرا دیار بوو کە ڕژیمی ئیسلامی کۆنەپەرست ترو شۆڤینی تر لەوەیە کە مل بۆ وتوویژ ڕابکیشێ، هەر پشتبەستووی کوشتارو زەبروزەنگ بوو. بۆیە وتوویژ جیی خۆی دایەوە بە ڕاوەستانی سیاسیو چەکداری جەماوەری. ئەگەر لە سەردەمێکەوە قۆلی چەکداری ئەو ڕاوەستانە تووشی بەرهەلست بووە، ڕاوەستانی سیاسیو جەماوەری خەلکی کوردستان، بەتایبەت بەرەی نوێ، شانبەشانی جەماوەری سەراسەری ئێران لە دژی ڕژیم بەردەوام بووەو دلنیام تا سەرەوژیر نەکرێ وازی لی ناهینرێ.

## ئێستا وەزعی سیاسی لە کوردستانی ئێران چۆنە؟ جیگاو ڕیگای جمهوری ئیسلامی وحیزبە سیاسیەکان چۆنە؟

فاتح شیخ: تیکۆشانیکی بەرینو بەردەوام لە کوردستانی ئێران لە دژی ڕژیم لە ئارادایەو جاروباریش بە شیوەی توند بەروویدا دەتەقیتەوە. لە ڕاستیدا شەریك کە بە لەشکرکیشی جمهووری ئیسلامی بۆ سەر کوردستانو ڕاوەستانەوەی سیاسیو چەکداری خەلك بەروویدا لە 1980وە دەستی پێ کردوە، هەروا بەردەوامەو ئاگربەسی تێدا نەکراوە. حوکمیك کە خەلکی کوردستانو باقی جەماوەر لە سەراسەری ئێران داویانەو لەسەری سوورن، حوکمی نەمانی جمهووری ئیسلامیە. دەسەلاتی جمهووری ئیسلامی لە کوردستان، تاقە ڕۆژیك بەبی زەبروزەنگو تۆپو دەبابە بەپیوە ناوەستێو بەرگەی پەلاماری خەلك ناگرێ. خەلکیش ئەمە دەزانێو ڕژیمیش دەیزانێ. ئەو ڕۆژەی لە تاران پیچکەی دەسەلاتی ڕژیم لەق بێو بترازێ، بۆ سبەی لە کوردستان دامو دەزگای ڕژیم گشتەکەی هەلپیچراوەو نەماوە.

بەرانبەر بەم دۆخە سیاسیە ڕادیکالە لە کوردستان، دوو بزووتنەوەی کۆمەلایەتیو سیاسی یانی کۆمۆنیزمو کوردایەتی بە دریژایی 25 سال دوو ستراتیژو دوو ڕێو ڕەوشتو دوو کۆمەلە تاکتیکی تەواو جیاوازیان بەریوە بردووە. کۆمۆنیزمو کوردایەتی هەرتك لە کوردستان جیگەو پیگەی خۆیان هەیە. هەر کامەش، چ بەرانبەر بە ڕژیمو دەولەتو دەسەلات، چ بۆ قەوارە پیدانی ئابووریو سیاسیو کەلچەری کۆمەلگا بۆچوونو بەرنامەو ستراتیژی جیای خۆیان هەیە کە ڕوون ڕاگەیەندراون.

ڕاستو چەپی کۆمەلگا لە کوردستانی ئێران لەم 25 سالەدا لەسەر هیلی ئەم دوو بزووتنەوەیە قەوارەی گرتووەو ئارایشتی بەستووە. ترازووی هیزو تەرکیبو ئارایشتی حیزبەکان لە هەر قۆناغیکدا چۆن بووبێ بۆ فاکتەری ڕۆژو بۆ هۆی پلەدوو گەڕاوەتەوەو نەبۆتە مایەی گۆڕانی سەرەکی ئەو ڕیزبەستنە کۆمەلایەتیە میژووکردە، کە لە فەترەی پاش شۆڕشی 1979وە قەوارەی گرتووە. لەم ڕیزبەستنەدا ئەمرۆ نوینەرایەتی سیاسی چەپو کۆمۆنیزم لە کۆمۆنیزمی کارگەری (حیکمەتیست) دا خۆی دەبینیتەوەو کوردایەتی لە حیزبی دیمۆکراتدا. کۆمەلە لە سەنتەردایە. فشاری بزووتنەوەی کوردایەتیو ناسیۆنالیزمی نیوخۆ، بەردەوام کۆمەلە بەلای ڕاستدا ڕادەکیشێو چەپ تێیدا بێ دەنگوباسە. بەرای من سەرەنجام لە کیشەی چەپو ڕاستداو لە ترازووی هیزی نیوان ئیمەو حیزبی دیمۆکراتدا، دیاری دەکرێ کەوا کۆمەلە بە کام باردا دەکەوێ. گرووپی ئەوپەر-ڕاستی کوردایەتی وەك 'زەحمەتکیشان' لە کۆمەلگای کوردستانی ئێراندا جێو ڕێی زۆر بەرتەسکە، مەگەر لە پاشاگەردانی نەوعی ئیستەی عیراقدا مەجالی جموجوولیکی پەراویزیی بۆ هەلکەوێ.

له ئاستی کۆمەڵگادا، قەزیەی هیژمۆنی له نیوان ئەم دوو بزووتنەوەدا نەبراوەتەوە. ئەمە جیاوازیەکی کوردستانی ئیرانە لەگەل کوردستانی عیراق. له کوردستانی عیراق کوردایەتی له دەسەلاتدایەو کۆمۆنیزم ئوپوزیسیونه. له کوردستانی ئیران له فەترەی رابردوودا وا نەبووه. له داهاتووشدا دەبێ له پراکتیکدا ببیندرێ. بەرای من کۆمۆنیزم. له کوردستانی ئیران ئیمکاناتیکی زۆری هەیه بۆ ئەوەی رۆلی کۆمەلگا بەدەستەوه بگرێ. هیزەکانی کوردایەتی لەوانەیه بیر له فاکتەری دەخالەتی سەربازی ئەمریکاو دەسەلاتدارەتی سیاسی پارتیو یەکیەتی 'لەودیو' بکەنەوە! بەرای من ئەم فاکتەرانه له دوارۆژی سیاسەت له کوردستانی ئیراندا دیاریکەر نابن.

**سالی پار له نەورۆزداو دواتریش له مناسەبەی جۆراو جۆردا له شارەکانی کوردستانی ئیران خۆ نیشاندان و هاتنه مەیدانی خەلكو بەرامبەرکێی نیوان خەلكو حکومەت توند بوو، ئایا دەکری له سەر ئەو رووداوانه بۆمان بدوێی؟**

فاتح شیخ: نەك هەر له نەورۆز که سەری سالەو بەرایی بەهارەو موناسەبەیەکی گشتی بۆ دەربرینی شادی دەرەخسینێ، بەلکوو له رۆژانیکی وەك یەکی ئەیارو 8ی مارسو رۆژی جیهانی مندالو رۆژی خویندکارو شتی واشدا حەرەکەی جەماوەریو خۆپیشاندانو بەرانبەرکێ له نیوان خەلكو حکوومەتدا روو دەدا. جارجار کار دەکیشیته توندوتیژیو جاری واشه ئەوەنده رەگو ریشەی پتەو داکوتاوه که رژیم پێی ناویرێ یان پێ ناوەستێ. وەك چەندین ریپیوانو کۆبوونەوەی بەرین بۆ دیفاع له مافی مندالانو ژنان له سنەو چەن شاری ترو ئەم دواییانەش له رۆژی خویندکاردا. هەروەها مانگی مارس له مەهابادو چەن شاری تر له ژیر تەئسیری ئەو دەنگۆیەدا که فیدرالی له دەستووری کاتی عیراقدا نووسراوه، خۆپیشاندان کرا.
ئەمانه، دەلالەت لەوه دەکەن که یەکەم: کۆمەلانی خەلك له هەموو ئیمکانیك بۆ دەربرینی نەفرەتو بیزاری بێ ئەوپەری خۆیان له رژیمی ئیسلامی کەلك وەردەگرن، دووهەم: حیزبه سیاسیەکان تێ دەکۆشن شکلو قەوارەی دلخوازی خۆیان له نارەزایی بەرهەقی جەماوەر بدەن.

**ئیوه هۆکاری مانەوەی رژیمی ئیران چۆن دەبینن، سەرەرای ئەو هەموو نارەزایەتیەی که له دەرەوەو ناوەوەی ئیران دا هەیه؟ پیش بینیتان چیه بۆ ئایندەی ئەو رژیمه؟**
فاتح شیخ: هەر بزووتنەوەیەك، هیزو توانای رابەرییەکەی دیاری دەکا تا کوێ دەتوانێ برواته پیش. بەرای من بزووتنەوەی جەماوەری خەلك بۆ هەلپیچانی جمهووری ئیسلامی، ئەمرۆ له گرفتی نەبوونی رابەری دەنالینێ. هۆکاری مانەوەی رژیم سەرەرای نارەزایی خەلك ئەمەیەو لیره دەبی بۆی بگەریی. قۆلی راستی ئۆپۆزیسیۆن، له ئاستی سەراسەریو له کوردستانیش، هیچ کات لیبراو نەبوونو نین بۆ هاندانو هینانه مەیدانی هیزی خەلك بۆ یەکلاکردنەوەی کاری رژیم، هەر به شوین بالیکدا خولاونەتەوه له نیوخۆی رژیمدا که لەگەلیان بسازێو خۆی پیوه هەلواسن. هەمیشه ئامادەن سەری نارەزایی خەلك ببرنو بیخەنه پیناو کەسانیکی وەك بەنیسەدرو خاتەمی، یان لەوپەری موخالەفەتیاندا لەگەل رژیم پەنا بەرنه بەر سیاسەتی ئەمریکا، که له هەرتك حالدا دەکاته پشت هەلکردن له هیزیو کردنی به قوربانی سیاسەتی پاشکۆیەتی خۆیان.
قوتبی چەپو کۆمۆنیستی ئۆپۆزیسیۆنیش، لەم سالانەدا زەبری قورسی لیکەوتوه: مەرگی مەنسوور حیکمەتو دواتریش ئینشیقاقی نیو حیزبی کۆمۆنیستی کارگەری، زەرەری گەورەیان داوه له وزەو ئامادەیی ئەم قوتبه بۆ رابەری کردنی حەرەکەو

ورووژاندنی پۆتانسیەلی نارەزایی خەلك بەرانبەر بە رژێم. پێ دەچێ تا ئەمە قەرەبوو بکریتەوە. پیویستی پلە یەکی ئەم قۆناغەی چەپ پرکردنەوەی بۆشایی رابەری بۆ بزووتنەوەی جەماوەرییە. ئیمە لە حیزبی حیکمەتیستدا بە هەموو تواناوەو بە هەموو ریگایەکی ئوسوولیو عەمەلی لە هەولی ئەم قەرەبووکردنەوەداین.

**کەواتە لە روانگەی خۆتانەوە داهاتوی بزوتنەوەی جەماوەری خەلکی کوردستانی رۆژهەلات چۆن دەبینن؟ وە ئایا ریگا چارەی ئیوە بۆ کیشەی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان چییە؟**

فاتح شیخ: وەلامی ئەم پرسیارە دوو بەشی لیکهەلپیکراون: بزووتنەوەی جەماوەری خەلك لە کوردستانیش وەك باقی ئیران لە قۆناغی ئیستەدا پیویستی بەوەیە یەکگرتوو بکریو رابەری بۆ دابین بکرێ هەتا بتوانێ رژێم بڕووخینێو دەرگا بەرووی داهاتوویەکی رووندا بکاتەوە. رووخانی رژێم باشترین دۆخ دەخولقینێ بۆ چارەسەر کردنی کیشەی کوردیش، لە ریگای بەرپاکردنی ریفراندۆمیکی ئازادەوە لە ناوچە کوردنشینەکانی رۆژئاوای ئیران، کە تیدا خەلك دەنگ بدەن کە ئایا دەیانەوێ جیا ببنەوەو دەولەتیکی سەربەخۆ پیك بینن، یان دەیانەوێ لە چوارچیوەی ولاتی ئیراندا وەك هاوولاتیانی خاوەن مافی چونیەك بمیننەوە.

ریگاچارەی دروستو عادلانەی کیشەی کورد ریفراندۆمە یانی گەرانەوەیە بۆ رای ئەو خەلکەی بوونەتە قوربانی ستەمو هەلاواردنی میللی. بەرای من لە کوردستانی ئیران (بە پیچەوانەی کوردستانی عیراق) قەلەشتیکی ئەوەندە قوولو بەرین لە نیوان خەلکی کوردستانو باقی ئیراندا پیك نەهاتووە کە بەبێ جیابوونەوە عیلاج نەکرێ. ئەو کاتەی جمهووری ئیسلامی شوینی ون دەکا، دابین کردنی مافی چونیەك بۆ هاولاتیان بێ رەچاو کردنی زمانو ئایینو نەتەوەو شتی واو هەلپیچانی هەر چەشنە هەلاواردنو جیاوازییەك لەسەر بناغەی نەتەوەو زمانو ئەمانە کاریکی دژوار نابێ. بەم بۆنەوە چاوەروان دەکرێ کە لە ریفراندۆمیکی ئازاددا، خەلك لە کوردستانی ئیران دەنگ بە جیابوونەوە نەدەن، بەتایبەت ئەگەر لە دەولەتی ناوەندی بوەشیتەوە کە مافی چونیەك بۆ هاولاتیان گەرەنتی بکا. بەلام لە هەر حالدا دەبێ ریفراندۆم بکریو ئەنجامی دەنگدانی خەلك چی بێ ریز بگیردرێ.

**بەریزتان ئیستا رەئیسی مەکتەبی سیاسی حیزبی کۆمۆنیستی کارگەری ئیران–حیکمەتیستن، رۆژانیك هەموتان لە ناو حیزبی کۆمۆنیستی ئیران دا بوون ودواتر بە ریبەرایەتی منسور حیکمەت لەو حیزبە جیابوونەوەو ئەمسالیش دوایئەوەی کە نزیك بە 10 سالتان لە ناو حیزبی کۆمۆنیستی کارگەری ئیران بەسەر برد، کەچی دیسانەوە ئیوە ئینشقاقتان تیکەوتو بوون بە دوو پارچە، ئایا دەتوانی پیمان بلیی کە هۆکاری ئەم هەموو جیابوونەوانە ودروست کردنی حیزبە تازانە چیە؟ وە ئایا پیتان وایە کە ئەمە بزووتنەوەی کۆمۆنیستیو بەرەی چەپ لە کۆمەلگادا لاواز دەکات؟**

فاتح شیخ: هیچ حیزبیك نیە کە بە ئینشیقاق لاواز نەبێ! بەو حالەش لە ناو ئەحزابی سیاسیدا ئینشیقاق روو دەداو جاری واشە بە هیچ هەولدانیك بەری پێ ناگیرێ. ئەمەی ئەمجارەی ئیمە راست وا بوو، لایەنی ئیمە زۆرمان هەول دا بەداخەوە سوودی نەبوو! لایەنی بەرانبەر دەرووی نەهیشتەوە. هۆکاری ئەو دوو جیابوونەوەش کە ئیشارەتتان پێ داوە، بیگومان هیچی تر نەبوو جگە لە جیاوازی بۆچوونی سیاسی دوو هیل تا ئەو رادەیە کە ئیتر نەکراوە لە قالبی ریکخراوەیی پیشوودا پیکەوە ئیش بکەن. ئەمجارەیان ئیمە، خەتی حیکمەتی، پیمان وا بوو لایەنی بەرانبەرمان لەباتی بۆچوونی هەمیشە ئەکتیڤی پەلهاویشتن بۆ دەسەلاتی سیاسی، کە تایبەتمەندی کۆمۆنیزمی کارگەریو خەتی مەنسوور حیکمەتە، بە تەواوی بۆچوونی پاسیڤی چاوەروانی نەوعی چەپی حاشیەیی

دەکەنە پیشەو خەریکن بە شیوەی نائوسوولی، ئەو بۆچوونەی خۆشیان بەسەر حیزبدا زال دەکەن. ئیمە هەولمان دا مەجال بدرێ بە جەدەلی سیاسی بۆچوونە جیاوازەکان لە چوارچیوەی حیزبدا وەك حیزبیکی سیاسیو سەرەنجام بەپیی بریاری پەسندکراوی ئۆرگانە رەسمییەکانی رابەری حیزب پیکەوە کارو پراکتیك بکەین. لایەنی بەرانبەرمان ئەمەی پێ تەحەمول نەکرا. بەجۆرە نەك هەر ناوەرۆکی جیاوازییە سیاسیەکانمان، بەلکوو شیوەی مامەلە کردنی ئەوان لەگەل چۆنیەتی بردنەپیشی جیاوازییەکان، کاریکی وای کرد کە نەکرێ لە یەك چوارچیوەی حیزبیدا بمینینەوە. بۆیە ئیمە کە ئەغلەبیەتی کۆمیتە مەرکەزی بووین، بریارمان دا گشت ئیمکاناتیکی حیزب بەجێ بیلینو بیینە دەرو حیزبی کۆمۆنیستی کارگەری - حیکمەتیست پیك بینین.

**بەریزتان وەك شەخسیەتیك لە مەیدانی بزووتنەوەی ریفراندۆمدا ناسراون و زۆرتان دیفاع لەم سیاسەتە کردووە لە رابردوودا، وە بە مانایەکی تر بزووتنەوەی ریفراندۆم مۆری بزووتنەوەی کۆمۆنیستی کریکاری لی دراوە، ئایا ئیستاش ئیوە لە سەر ئەو سیاسەتەتان ماون؟**

فاتح شیخ: بەلی ئیستاش، چ من وەك شەخس، چ هەرتك حیزبی کۆمۆنیستی کارگەری عیراقو حیزبی کۆمۆنیستی کارگەری ئیران — حیکمەتیست لەسەر ئەو سیاسەتە سوورین کە چارەسەری کارسازو عادلانەی کیشەی کورد گەرانەوەیە بۆ را ی خەلکی کوردستان خۆیان، ئەو خەلکەی کە بە دریژایی زیاتر لە چل سال، لە کەنالی کیشەی کوردەوە، کوشتارو سەرکوتو دەربەدەرو ئەنفالو کیمیاباران کراون. ئەمەش لە ریگای ریفراندۆمیکی ئازادەوە دەکرێ کە خەلکی ناوچە کوردنشینەکان تێیدا دەنگ بدەن یان بە جیابوونەوەو پیکهینانی دەولەتی سەربەخۆ، یان بە مانەوە لە چوارچیوەی ولاتی عیراقدا وەك هاولاتیانی خاوەن مافی یەکسان.

بەرای من هەر چەشنە هەلبژاردنیك، سەراسەری یاخۆ لە ئاستی کوردستان، بەبێ ئەوەی لەپیشدا ئەم ریفراندۆمە کرابێ، رەوایەتی نیەو راپیچ کردنەوەی خەلکی کوردستانە بۆ ژیر دەسەلاتی حکوومەتی ناوەندی پاش 13 سال سەربەخۆ بوونی دیفاکتۆ، بە بێ پرس کردن بە خۆیان. ئەمە بەزۆر لکاندنەوەیەو بە هیچ جۆریك رەوا نیە! ریفراندۆمی سەربەخۆیی جگە لەوەی عادلانەترین ریگایە، لە کردەوەدا گونجاوترین ریگای سیاسیشە کە لە خیلالیەوە هەموو ئەحزاب، لەگەل سەربەخۆیی بن یاخۆ لە دژی بن، دەتوانن بۆچوونی خۆیان بلاو بکەنەوەو لە خەلك داوا بکەن ئەو جۆرە دەنگ بدەن کە ئەوان بە باشی دەزانن. بۆ وینە پارتیو یەکیەتی، کە دژ بە سەربەخۆیین، با بین لەباتی موخالەفەی ریفراندۆم بکەن، ریفراندۆمو بەرەنجامەکەی بسەلمینو بە خەلك بلین دەنگ بە جیابوونەوە نەدەن. دواتر با ئەوانیشو لایەنگرانی سەربەخۆییش چاوەروان بکەن کە ئەنجامی دەنگدان بەچی دەبێ.

**کیشەی شاری کرکوك لە کوردستانی باشورو لە عیراقدا بە دریژایی دەیان سالی رابردوو بووە بە نوقتەی ململانێی نیوان دەولەتی مەرکەزیو حیزبە کوردیەکان، وەتا ئیستاش یەکلا نیە کە چۆن چارەسەر دەکریو چی بە سەر کرکوك دیت، پرسیاری ئیمە ئەوەیە کە ئایا ئیوە پیتان وایە کە کرکوك شاریکی کوردستانیە؟ وە ریگا چارەی ئیوە بۆ شاری کرکوك چیە؟و چۆن ئەو کیشەیە چارەسەر دەکری؟**

فاتح شیخ: کەرکووك شاریکی کوردنشینە، ئەگەر وا نەبوایە تەعریب نەدەکرا. کەوایە کەرکووك دەبێ لە ریفراندۆمدا بەشدار بێ. کیشە لەسەر وشەی 'کوردستانی' ئیستا بیجێ دەنوینێ، چونکە مادام ریگای سیاسی بۆ نەدۆزریتەوە بە جێ یەك ناگا جگە لە قوولتر کردنەوەی کیشەکە. ئەگەر لە ریفراندۆمدا دەنگ بە جیابوونەوە بدرێو کوردستان ببیتە کیانیکی سەربەخۆ، ئەوکات پیویستە ریگا بە دانیشتوانی کەرکووك بدرێ لە دەنگدانیکی تایبەتدا، لە نیوان کوردستانو عیراقدا ئیختیار بکەن کە دەیانەوێ

لەگەل کام لا بن. ئەم ریگا سیاسیە بەرای من تاقە ریگایەکی دروستە کە بنریتە بەردەم کیشەی کەرکووک. جگە لەمە بێ دەبیتە کیشەی ئایدیۆلۆژی نیوان ناسیونالیزمەکانی کوردو تورکمانو عەرەب کە ئاکامەکەی هەر دەکاتە شەری قەومیو گۆمی خوینیکی تازە کە ئەوپەری دیار نابێ. بۆیە بەرای من تەعبیری 'کوردنشین' بۆ کەرکووک دروستو واقیعیو سالمە، ئایدیۆلۆژیكو شەرەنگیز نیەو یارمەتی دەر دەبێ بۆ لادانی دانیشتوانی کەرکووک لە کیشەی خراپتر. کەرکووک شاریکی کوردنشینە، هەروەك چۆن تورکمان نشینو ئاشووری نشینو عەرەب نشینە. لە واقیعی خۆیدا کیشەی کەرکووك ئیستا هەر ئەوە نیە کە ئاخۆ سەر بە کوردستان دەبێ یان نا، ئەوەشە کە ئاخۆ دانیشتوانی ئەو شارە، بە زمانو پیشینەی جۆربەجۆرەوە، چلۆن پیکەوە دەحاوینەوەو دەژین. لیرەدا ئیتر ئاستیکی بنەرەتیو لایەنیکی ئینسانی دیتە ناو موعادەلەکەوە کە تەئکید لەسەر ناسنامەی ئینسانی دانیشتوانی ئەو شارە دەکاتە پیویستیەکی جیددی، تەنیا ئەمە دەتوانێ دەروویەكو ریگایەك بەرووی کیشەکەدا بکاتەوە کە بکرێ پیی بگوترێ ریگای ئینسانیو سیاسی.

**باشە ئەگەر کوردستان جیاببیتەوە و دەولەتیکی سەربەخۆ پیك بیت، ئایا پیتان وایە کە دەولەتانی مەنتەقە بیانەوی ئەم خواستەی خەلکی کوردستان شەلالی خوین بکەن وبە هەموو شیوەیەك پیلان لە دژی بگیرن بۆ سەر نەگرتنی ئەم دەولەتە، وە بە بروای ئیوە چۆن دەکری کە پیلانی دەولەتانی مەنتەقە پووچەل بکریتەوە؟**

فاتح شیخ: ریگای پووچەل کردنەوەی پیلانی دەولەتانی مەنتەقە دوو شتە:

یەکەم، سوور بوونی خەلکی کوردستان لەسەر دیفاع لە مافی خۆیانو دەنگی خۆیان. دووهەم، راکیشانی پشتیوانی خەلکانی ئازادیخوازو بیرورای گشتی لە ئاستیکی جیهانی دا. بۆ ئەمانە، بزووتنەوەی جەماوەری پیویستەو ریکخراویکی سیاسی جەماوەری کە بتوانێ خەلكو بیرورای ئازادیخواز لە کوردستانو لە دەرەوە هان بداو بهینیتە مەیدان. بەمە دەکرێ ریفراندۆمیش بچەسپیندرێو ئاکامەکەشی – ئەگەر جیابوونەوە بێ – لە پیلانی دەولەتانی مەنتەقە بپاریزرێ.

**ئایا پیتان وایە ئەوەی ئەمریکا لە عیراق کردی لە ئیرانیش دووبارەی بکاتەوە؟ لەم حالەتەدا موقفی حیزبی کۆمۆنیستی کارگەری ئێران–حیکمەتیست چی دەبیت؟**

فاتح شیخ: پیم وا نیە ئەمریکا ئەوەی لە عیراق کردی بتوانێ لە ئیران دووپاتی بکاتەوە، هەر ئیستا بە عیراقەوە تووشی گرفتیکی هەرە گەورە بووە، ئیرانیش فەرقی زۆرە: ولاتیکی گەورەترە، بە حەشیمەت سێ بەقەدەر عیراقەو جێو ریی ستراتیژیكو نیودەولەتیشی گرینگترە. بەو پییە دەستیوەردانی ئەمریکا لە ئیران دژوارترەو زۆر گرانتر لەسەری دەکەوێ. لە هەر حالدا هەلویستی حیزبی کۆمۆنیستی کارگەری – حیکمەتیست ئیدانەی توندی هەر دەستیوەردانیکی سەربازی ئەمریکایە لە ئیرانو بە دژی هەر تەقالایەك بۆ عیراقیزە کردنی ئیران رادەوەستێ.

**ئیوە لە حیزبیکدا کار دەکەن کە چوارچیوەی جوگرافیەکەی ئیرانە، بەلام زۆر جار لە سەر کیشەو مەسەلەکانی کوردستانی باشورو عیراق دەخالەت دەکەن، ئایا ئەمە هەولیکی شەخسی ئیوەیە یان سیاسەتی حیزبتانە؟**

فاتح شیخ: نەك هەر بۆ كۆمۆنیزمی كارگەریو حیزبەكەی كە بە تەبیعەتی حال، خۆی قەتیسی هیچ جوغرافیایەك ناكا، مەگەر بە ئیلزامی سیاسی، بۆ زۆربەی بزووتنەوە سیاسیەكانی دونیای ئەمرۆ ئەمە زۆر ئاساییە كە خۆیان لە دەرەوەی جوغرافیایەكدا ببیننەوە كە راستەوخۆ كاری تیدا دەكەن. بزووتنەوە ئیسلامیەكان، قەومیە عەرەبەكان، حیزبە میللیەكانی كوردستان، ئەمریكا، بەریتانیا، توركیا، رژێمی ئیسلامی ئیران، سووریاو هتد... هەر هەموویان وایان كردووەو واش دەكەن. دەخالەتی حیزبی ئیمە لە پال حیزبی كۆمۆنیستی كارگەری عیراقدا، لە كیشەكانی عیراقو كوردستاندا هەر لە بیدایەتەوە، لە شەری خەلیجەوە، سیاسەتمان بووەو هەشە. لە هەمانكاتدا ئەمە هەولو تیكۆشانیكی شەخسی خۆشم هەیە.

**دوا پرسیارمان لە سەر پەیوەندی نیوان حیزبی كۆمۆنیستی كریكاری ئیران–حیكمەتیست وحیزبە سیاسییەكانی تری سەر گۆرەپانی سیاسی كوردستانە، ئایا پەیوەندیتان لە گەل كام یەك لەو حیزبانەدا بە هیزە، یان بە مانایەكی تر ئیوە لە سەر چ ئەساسیك پەیوەندی لە گەل حیزبیكی تردا دەگرن؟**

فاتح شیخ: بەپیی سوننەتی حیزبی لەمیژینمان، ئیمە ئامادەین لەگەل هەر حیزبیكی سیاسی پەیوەندی سیاسی ئاساییمان هەبێ لەسەر بناغەی ریز دانان بۆ ئازادی بێ قەیدو شەرتی هەلسوورانی سیاسی ئەحزاب.